www.kurdistannet.org
30-5-2003 2:49

ئەدی (تاوانبارانی جەنگ) لەناو کورد؟!

فریاد هیرانی
Friadhirani@yahoo. com

دەزانم دەرگا کردنەوە لەسەر ئەم بابەتە زۆر (**بڤە**) و مەترسیدارە...! بەڵام ناشکرێ هەر کڕو قەپ لێی دانیشین و دەنگ نەکەین، بەش بە حاڵی خۆم لە روانگەیەکی کوردانەو نیشتیمانپەروەرانەوە لەم بابەتە رادەمێنم، نەك تاوانبار کردنی ئەمو ئەو. . ! بە مانایەکیتر هێندەی مەبەست لە جیاکردنەوەو ریزبەند کردنی تاوانبارانە لە خەڵکی ئاسایی و خەڵکی نیشتیمانپەروەرو پاك، مەبەست ئەوە نییە هەر ئامانجەکە ئەوە بێ بڵێین (فلان) تاوانباری جەنگە.

ئەگەر بە شێوازە یاساییەکە لەم مەسەلەیە بڕوانین رەنگە (**بەبێ زێدەڕەوی**) یەك هەزار تاوانباریش لە ناو کورد هەبێ!! هەر لە جاش و بەکرێگیراوەکانی بەعسەوە بگرە تا دەگاتە ئەو تاوانبارانەی کە لە شەڕە ناوخۆییەکاندا برا کوردەکانی خۆیان بە کۆمەڵ دەکوشت، راست و رەوان سیاسەتی جینۆسایدیان دژ بە یەکتر بەکاردەهێنا، ئێستاش کەم نین ئەو کەسانەی کە تاکو هەنوکەش چارەنوسیان دیار نییە (بە مردوویی یان بە زیندوویی) لە شەڕەکانی ناوخۆدا، پێم وایە پێویست بەناو هێنان ناکا (**پاڵەوانەکانی شەڕی کورد کوژی**) هی زەمەنی شاخ و زەمەنی شار، دیارن! چونکە زۆر بە ئاشکرا ئەم تاوانانە ئەنجام دران... دیارە وەك ئاماژەم بۆ کرد مەبەست کولانەوەی برینەکان نییە بەڵام ئەدی دەکرێ تاوانباران هەروا بمێننەوە؟ نەك هەر هێندە کەسێك تاوانباربێ بە کورد کوژی، دەکرێ هەروا بێدەنگی بەرامبەر نیشان بدرێ و سەرباقی ئەوەی تاوانباریشە، نیشتیمانپەروەریشمان بەسەردا بفرۆشێ ...؟!.

حەز دەکەم نمونەیەکی زۆر زەق و ئاشکرا بهێنمەوە، رۆژێك لەگەڵ کۆنە سەرۆك جاشێکی بەعس گفتوگۆمان کرد، من پێم گوت: دەزانی لە فلانە ساڵ و لە فلانە شوێن کە تۆ خەریکی (راوە پێشمەرگە) بووی ئێمەش لە هەولێ ئەوەدا بووین لە شوێنی گونجاو بۆسەیەکت بۆ دابنێین، بەختت هەبوو نەکەوتیە داوی ئێمە. . ! جاشەکەش بەم شێوەیە وەلامی دامەوەو ووتی: دەزانی تۆش بەختت هەبوو نەکەوتیتە دەستی من، ئەگینا پارچە پارچەم دەکری و (نەوتشجاعە) شم پێ وەردەگرتی و وەکو ئێستا پێش تۆش دەچوومە ژووری گەورە لێپرسراوان و لە هەموو کۆنە پێشمەرگەکانیش زیاتر هەر وەکو ئێستا رێزم دەگیرا!! ئێستاش حزبەکەم بەس پێم بڵێ بڕۆ فلان بکوژە، بڕوات هەبێ هەر کەسێك بێ تەنها (٢٤ **سەعات**) لە ژیاندا دەمێنێ لەو کاتەوەی ئەمرم پێ دەکەن!!!.

منیش بە گاڵتەوە پێم ووت: کەواتە ئێستاش لێت بترسم باشە! ئەویش بە پێکەنینەوە ووتی: نا ... نا تۆ ناکوژم چونکە بەبێ ترس و بە راستگۆیی پێت ووتم: ئەگەر کەوتبایە بۆسەی ئێمە دەمانکوشتی! من دڵنیام لەوەی تاوانبارانی جەنگی ناوخۆش زۆربەیان لەم جۆرە کەسانەن، ئەم جۆرە کەسانە، میکرۆبی نێو کۆمەڵگان! ئەمانە درندەی نێو کۆمەڵگان، ئەگەر ئەمانە بەند بکرێن و حسابیان لەگەڵ بکرێ کۆمەڵگا پاك دەبێتەوە، حزبەکانیش ئەگەر لەم جۆرە پیاو کوژانەیان نەبێ، بەچی و بەکێ جارێکیتر شەڕ هەڵدەگیرسێنن؟!

سلاو بۆ گیانی هەموو ئەو پێشمەرگانەی بە دەستی خیانەتکارو تاوانباران کوژران، سلاو بۆ گیانی (١٨٢) مرۆڤی کورد، کە زۆربەیان هەر بە دەستی تاوانباران و خیانەتکارانی کورد لە نێوچوون، سلاو بۆ ئەوانەی لە شەڕەکانی ناوخۆدا زۆر بێ ویژدانانە بەدیلی و بە کۆمەڵ گوللەباران کران. نەفرەت لە تاوانبارانی جەنگ، تاوانباران و خیانەتکارانی کورد!!

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.